# ڕۆڵی کەناڵی ئاسمانی کوردسات لە پاراستنی شوناس و کولتوری کۆمەڵگەی کوردی

م.ی.سەرکەوت احمد محمد
Sarkawt.mohammed@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / بەشی ڕاگەیاندن

م.ی. خەندە سیف الدین حویجە
khanda.hawija@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / بەشی ڕاگەیاندن

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٥/٤/١
ڕەزامەندی بڵاو کردنە وە :١٠/ ٤ /٢٠٢٥

**پوختە :**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی **(ڕۆڵی کەناڵی ئاسمانی کوردسات لە پاراستنی شوناس و کولتوری کۆمەڵگەی کوردی)** خراوەتە ڕوو وەک هەر توێژینەوەیەکی تر کۆمەڵێ هەنگاوی زانستی لە خۆ گرتوە بۆ گەیشتن بەو زانیاریانەی کە بەلای توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە جێ بایەخ بووە. یەکەم هەنگاویش بەو کێشەیە دەستپێدەکات (لە سایەی زاڵبوونی کولتوری جیهانی، کولتورلە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ژێر هەرەشەی کاڵ بوونەوەدایە)ئەم کێشەیەش لەرێگەی ئەم پرسیارەوەکە( تاچەند کەناڵی ئاسمانی کوردسات بەشدارە لە پاراستن و پێشخستنی شوناس و کولتور و بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی کوردی؟) هەڵی گەڕان بۆ وەڵامدانەوەی دەدرێت لەلایەن توێژەرانەوە کە ئامانجی سەرەکی زانینی ڕۆڵی کەناڵی ئاسمانی کوردساتە لە بایەخدان بە پاراستنی شوناس و مانەوەی کولتوری کۆمەڵگەی کوردی. تێگەیشتن لە کاریگەری کەناڵی ئاسمانی کوردسات بۆ پاراستنی شوناس و فەرهەنگ و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی. لێکۆڵینەوە لەو پانتاییە میدیایەی کەناڵی ئاسمانی کوردسات کە بۆ پاراستن و مانەوەی شوناس و کولتور و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە تەرخانیکردووە. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەستووە و بەشێوەیەکی مەبەستدار بەرنامەکانی مانگی سێ (3) ساڵی (2024)ی ئەم کەناڵەی وەک سامپڵێکی مەبەستدارهەڵبژاردووە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەران پێیگەشتوون بریتییە لەوەی: ( کەناڵی کوردسات بەسەرجەمی بەرنامە جیاوازییەکانیەوە خزمەتێکی باش بە لایەنی کولتوریی و شوناسی کوردی دەکات و بە ئاستێکی بەرز هەوڵی پاراستنی کولتورییە کوردییەکان دەدات، لەسەرجەمی بەرنامەکاندا بە پێی ئەو داتایانەی لە خشتەی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو و لەبەرنامەکاندا بوونیان هەیە و هیچ بەرنامەیەکی ئەم کەناڵە بەدی ناکەیت کە خاڵی بێت لە بابەتی کولتوری، کەناڵی کوردسات بۆ پاراستنی شوناس و کولتوریی کوردی بەرنامەی تایبەتی هەیە کە سەرجەمی بابەتەکان و تەوەری سەرەکی بەرنامەکان لەچوارچێوەی پاراستنی کولتوردایە، ئەویش هەردوو بەرنامەی کوردسات کوردەواریی و نەوای ڕۆژهەڵاتن، ئەم دوو بەرنامەیە زیاتر کاریان لەسەر پاراستنی شوناس و کولتوری کوردییان کردووە و بینەرەکانیان بەبێ ئەوەی ماندوو بن پەیامەکانی پەیوەست بە کولتور و شوناسی کوردییان پێ دەگات)، لەگەڵ چەند ئەنجامێکی تردا. لە گرنگترین پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژەران لە چەند خاڵێکدا بەرجەستە دەبێت لەوانە:( سەرجەم ئەو کەناڵە تەفزیۆنیە

کوردیانەی ئامانجدارن و پێیان وایە هۆکارن بۆ پاراستنی شوناس و کولتوری کوردی بەرنامەی تایبەت بە کولتور و شوناسی کوردی بەرهەمبهێنن، پێشکەشکارەکانیان گرنگی بەپۆشینی جلی کوردی بدەن و بەزمانێکی رەسەنی کوردی بابەتەکانیان پێشکەش بکەن. کەناڵی کوردسات بەردەوامی بدات بە بەرنامەکانی کوردسات کوردەواری و نەوای رۆژهەلات، هەوڵی زیادکردنی بەرنامەی هاوشێوەی ئەم دوو بەرنامەیە بدات.)، لەگەڵ چەند پێشنیارێکی تردا راسپاردەکانیش بۆ توێژەران (ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەبارەی بەهەند وەرگرتنی ئینتمای نیشتمانی و کولتوری لە رێگەی ئەو پلاتفۆرمە دیجتاڵییانەی کە خێراتر دەگەنە جەماوەر بەتایبەت گەنجان. ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی گرێدانەوەی شوناس و کولتورە ناوچەیە جیاوازەکانی کوردستان بەمەبەستی پتەوکردنی ناسنامەیەکی نەتەوایەتی هاوبەش. گرنگیدان بەو توێژینەوانەی کە دەبێتە مایەی پتەو کردنی ناوەڕۆکە میدیاییەکان و دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازە میدیاییەکان لە بارەی بەهەند وەرگرتن یاخود فەرامۆشکردنی شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی).

کلیلە وشەکان: رۆڵ، کەناڵی کوردسات، شوناس، کولتور.

**پێشەکی:**

شوناس و کولتور ئەو دوو رەهەندەن کە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگاکانی پی دەناسرێتەوە، چوارچێوەیەکی دیاریکراوی پێدەبەخشێت و لە کۆمەڵگەیەکی تری جیادەکاتەوە. لە ژێر ڕۆشنایی پاراستنی ئەم شوناس و کولتورە، میدیا بەشێکی جەوهەریی پەیکەری ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە پێکدەهێنت، بەو پێیەی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە بەرەوپێشبردنی بەها و بڵاوکردنەوەی زمان و پاراستنی میراتی و کولتوری کە دەکەونە بەر لێشاوی گۆرانکارییە بەردەوامەکانی ئەم سەردەمی تەکنەلۆژیایە و بەرکەوتن بە کولتوری کۆمەڵگەکانی تر کە رووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردی بووەتەوە. ئەم توێژینەوەیەش کار لەسەر ئەو رۆڵە دەکات کە کەناڵی ئاسمانی کوردسات لە پاراستنی شوناس و کولتوری کۆمەڵگەی کوردیدا هەیەتی. لە پێناو خزمەتکردنی ئەم کولتور و شوناسی نەتەوایەتییە. توێژینەوەکە پێکهاتووە لە:( کێشە، گرنگی، ئامانج، کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە، میتۆد، سنور، ئامراز، پێناسەی چەمکەکان ، توێژینەوەکانی پێشوو). بەشی تیۆری توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (تێگەیشتن لە میدیا و کولتور: پێشەکییەك بۆ کۆمیونیکەیشنی جەماوەری، میدیا و کولتور، کاریگەریی میدیای هاوچەرخ لەسەر کۆمەڵگە و کولتور، پەیوەندیی نێوان میدیا و کولتور: لە ڕوانگەی توێژینەوەی کولتورییەوە دەسەڵاتی پاوانخوازیی میدیا) بەشی سێیەمی تەرخانکراوە بۆ هەنگاوە پراکتییکەکانی توێژینەوە لەگەڵ خستنە رووی ئەنجام و پێشنیار و راسپاردەکانی توێژینەوەکە، ئەم هەوڵەش لە پێناو زیاد کردنی زانیارییەکی دروست و دەوڵەمەندکردنی ئەو هەوڵانەی کە دەبێتە مایەی دەرخستنی خزمەتی کولتوری لە رەهەندیی میدیاییەوە.

**بەشی یەکەم: چوارەچێوەی میتۆدی تتوێژینەوە**

**یەکەم:کێشەی توێژینەوە**

ئەو گۆڕانکارییە خێراییانەی جیهان پێدا تێدەپەڕێت لەم سەردەمدا وایکردوە بە تێپەڕ بوونی کات کاریگەری لەسەر کولتوری کۆمەڵگە بکات و وردە وردە کولتوری دەرەکی ئاوێتەی شوناسی نەتەوە و کۆمەڵگە دەبێت لە سایەی زاڵبوونی کولتوری جیهانی، ئەم توێژینەوەیە هەر لەم سۆنگەییەوەی کە میدیا وەک فاکتەرێک دەتوانێت رۆل بگێڕێ لە پاراستنی ئەو رەهەندە

یەکلاکەرەوانەدا(کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی )، کەئەمەش بووە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە لای توێژەران کە لەم کێشەیەدا بەرجەستەیان کردووە:(کولتورلە کۆمەڵگەی کوردی لە ژێر هەرەشەی کاڵ بوونەوەدایە، و لە رێگەی لە کەناڵی ئاسمانی کوردساتەوە تیشک دەخاتە سەر رۆڵی ئەم فاکتەرە پشت بەست بەم پرسیارە: کەناڵی ئاسمانی کوردسات تا چەند بەشدارە لە پاراستن و پێشخستنی شوناس و کولتوری و بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی کوردی؟

**دووەم: ئامانجی توێژینەوە:**

1- زانینی ڕۆڵی کەناڵێ ئاسمانی کوردسات لە بایەخدان بە پاراستنی شوناس و مانەوەی کولتوری کۆمەڵگەی کوردی.

2- تێگەیشتن لە کاریگەری کەناڵی ئاسمانی کوردسات لە پاراستنی شوناس و فەرهەنگ و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی.

3- لێکۆڵینەوە لەو پانتاییە میدیاییەی کەناڵی ئاسمانی کوردسات کە بۆ پاراستن و مانەوەی شوناس و کولتور و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە تەرخانکراوە.

**سێیەم: گرنگی تیۆریی و پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە:** سوودێکی کۆمەڵایەتی و زانستی هەیەلە رووی زانستییەوە خستنە رووی داتایەک دەبێت کە سوودی زانستی و تێۆریی تێدا بەرجەستە دەبێت بۆ توێژەرانی ئەم بوارە دەتوانن سوودی لێوەربگرن. دەرخستنی رادەی بایەخی ئەو کەناڵە بە پاراستنی شوناس ، بەمەش سوودێکی کۆمەڵایەتی و پراکتییکە لە رێی دەرخستنی بەرنامەکانی ئەو کەناڵە کە خزمەت بە کولتور و شناسی کوردی دەکەن .

**چوارەم: میتۆدو ئامرازی توێژینەوە:** لە چوارچێوەی میتۆدی وەسفی/ شیکاری توێژەران کار لەسەربەدەستهێنانی زانیاری پەیوەست بە توێژینەوەکە دەکەن لە رێگەی دیاریکردنی ئەو بەرنامانەی لەو مانگەدا لەو کەناڵە پەخشدەکرێت و شیکردنەوەی بۆ ئەو خەسڵەت و سیمایانە دەکرێت کە گوزارشت لە پاراستنی شوناس و کولتوری کوردی دەکەن.

**پێنجەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:**

بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات دەبنە کۆمەڵگەی توێژینەوە، بەرنامەکانی مانگی سێ(3) ساڵی (2024)ی ئەم کەناڵە سامپڵێکی مەبەستداری توێژینەوەکە دەبێت، لەو سۆنگەیەوەی کە ئەم مانگە سەرەتای مانگی کوردییە هاوکات پڕ لە بۆنە کوردییەکانە.

**شەشەم: سنوری توێژینەوە:**

سنوری کات: ئەم توێژینەوەیە سنوری کاتی دیاریکردووە لە (1-3-2024) بۆ (30-3-2034). هەندێك لەو بەرنامانەی لەماوەی ئەو کاتەدا پێشکەش کراون وەکو سامپڵی توێژینەوە دیاریکراون.

**حەوتەم: پێوەری راستی توێژینەوەکە:**

توێژەران بۆ دۆزینەوەی راستێتی توێژینەوەکەیان بۆ دەستە و یەکەکانی فۆرمی توێژینەوەکە، کە پێکهاتووە لە (4) دەستە و (25) یەکە، توێژەران بۆ ئەو مەبەستە فۆرمی شیکاری توێژینەوەکەیان بەسەر (3) هەڵسەنگێنەری پسپۆردا دابەشکرد، پاش وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانیان، راستی ڕواڵەتی توێژینەوەکە دەکاتە (98.66%)، ئەمە لەڕووی زانستیەوە بە ئاستێکی بەرز ئەژمار دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەستە و یەکەکانی فۆرمەکە لەلایەن توێژەرانەوە پەسەند کرا. بڕوانە پاشکۆی یەك.

**هەشتەم: جێگیری فۆرمی شیکاریی:** توێژەران بۆ دۆزینەوەی جێگیری توێژینەوەکە، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (20) رۆژ بەسەر شیکاری یەکەم جاردا، دووبارە شیکاری دووەمیان ئەنجامدا بۆ رێژەی (10%) سامپڵی توێژینەوەکە، لەڕێگەی هاوکێشەی (هۆڵستی) کە دەکاتە (0.97) ئەمەش ئەنجامێکی باشە بۆ جێگیری توێژینەوەکە.

**نۆیەم: هاوکێشەو ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

**1- بەکارهێنانی دووبارەبوونەوە و رێژەی سەدی بۆ دیاریکردنی رێژەی یەکەکان و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.**

**2- بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری هۆلستی بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژینەوە.**

$$C = \frac{2M}{N1 + \mathrm{N2}}$$

**دەیەم: چەمکەکانی توێژینەوە:**

**رۆڵ:** بریتییە لەو رۆڵەی کەناڵی ئاسمانی کوردسات دەیگێرێت لە بەرجەستەکردنی پاراستنی شوناسی کۆمەڵگەی کوردیدا.

**کەناڵی کوردسات:** کەناڵێکی ئاسمانی کوردییە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە خاوەندارێتی دەکرێت. چەندین بەرنامەی پەیوەست بە شوناس کولتوری تێدا پەخش دەکرێت.

**شوناس:** مەبەست لە هەموو ئەو ناسنامە رەسەنە میراتگریانەیە کە نەوە یەک لەدوای یەکەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێکدێنن.

**کولتور:** مەبەست لە شێوازی ژیان و پێکهاتەکانێتی کە کۆمەڵگەی کوردییە بۆ مانەوەی بەردەوام نەوەکانی دواتری پێ ئاشنا بکات.

**یانزەیەم: توێژینەوەی پێشوو:**

1- کۆڤان حسین سعدو، کاریگەری کەلتووری بەرهەمهێنان لەسەر مانەوە و لەناوچوونی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لەکەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا (2024)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە وردبوونەوەیە لەو ڕێکارانەی کەلتووری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی دەیگرێتەبەر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی نوێ، بەسوود وەرگرتن لە تیۆر و ڕێبازەکانی گەشەسەندنی میدیایی، مۆدیلێکی نوێی میتۆدی لێکدراو پەیرەو دەکات بۆ خستنەڕووی ڕێکارەکانی خۆگونجاندنی کەلتووری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆن لەگەڵ ژینگەی میدیاییدا.

توێژینەوەکە بە پشت بەستن بەشیکاری ڕواڵەتی ناوەڕۆك بە خوێندنەوەی دوور شیکاری وەسفی بۆ ناوەرۆکی 21 ساڵی کەناڵی ئاسمانی کوردسات کردووە، سەمپڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە بەرنامە ناوخێییەکانی کەناڵی کوردسات کە بریتین لە 190 بەرنامەی جیاواز.

توێژینەوەکە لەسەر ئاستی ناوەڕۆك بەو ئەنجامە گەیشتووە لەدوای سەرهەڵدانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کەلتووری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی گۆڕانکاری لە هەردوو پرۆسەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکاندا کردووە، هەروەها بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە ئاستی تێگەیشتن و ڕێکارەکانی توێژی بڕیاربەدەست لەبارەی کێبڕکێی گۆڕانکارییەکانی ژینگەی میدیایی و چۆنیەتیی خۆگونجاندن لەنێو ژینگەی میدیاییدا، ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر کەلتووری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی، بەتایبەت بڕیار و ڕێکارەکانیان بۆ خۆگونجاندنی کەلتووری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆن لەگەڵ ژینگەی نوێی میدیایی.

**2- عمار مطشر شنته: دور الاعلام المرئي في تعزيز الهوية الثقافية برنامج فضاءات ثقافية قناة العراقية نموذجا(2024)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنە رووی ڕۆڵی بەرنامەی (کایە کولتورییەکان) لە کەناڵی ئەلعێراقییە سەبارەت بە برەودان بە شوناسی کولتوری لە ڕێگەی سێ تەوەری سەرەکییەوە: ڕۆڵی مەعریفی، ڕۆڵی رەفتاری و ڕۆڵی ویژدانی. توێژینەوەکە پشت بە تیۆری وابەستەیی میدیا بەستووە، بۆ خستنە رووی پرسیاری سەرەکی سەبارەت بەوەی کە چۆن میدیای بینراو بەشدار دەبێت لە بەهێزکردنی ناسنامەی کولتووری، کە بەرنامەی (کایە کولتورییەکان)ی بە نموونە وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی رووپێووی بەستووە لە ڕێگەی دابەش کرنی فۆرمی راپرسی بەسەر 100 کەس وەک سامپڵی توێژینەوەکە. ئەو ئەنجامەی ئەم توێژینروەیە پێی گەشتووە دەریدەخات بەرنامەی (کایە کولتورییەکان) رۆڵێکی مەعریفی کاریگەر دەگێڕێت لە زیادکردنی هۆشیاری کولتوری لەنێو خەڵکدا. هەروەها توێژینەوەکە دەریخستووە کە بەرنامەکە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر رەفتاری بینەر هەیە بەرامبەر بە کولتور و چالاکییە کولتورییەکان وەک بەشداربوویەکی سەرەکی لە بەرەوپێشبردنی ناسنامەی کولتوری. جگە لەوەش، بەرنامەکە کاریگەری بەرچاوی هەیە لە برەودان بە هۆشیاری کولتوری ویژدانی، ئەمەش دەبێتە مایەی پەیوەست بوون بە کولتوری ناوخۆیی، و زیادکردنی هەستی شانازی و ئینتمای کولتوری ناوخۆیی.

**دوانزەیەم: سوودبینین لە توێژینەوەی پێشوو:**

لەتوێژینەوەکەی کۆڤان حسین سعدو، توێژەر فۆرمی راپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی، بەڵام توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بە فۆرمی شیکاری ناوەرۆك بەستووە، بەڵام لە جۆری سەمپڵی توێژینەوەدا هەردوو توێژینەوەکە هاوتان کە بریتین لەبەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی، هەرچەندە لەڕووی ژمارەی بەرنامەکانەوە جیاوازی

گەورەیان لەنێواندایە لەبەرئەوەی لە توێژینەوەکەی کۆڤان حسین سعدو بەرنامە ناوخۆییەکانی بۆ ماوەی 21 ساڵی کەناڵەکە وەکو نمونە وەرگرتووە کە بریتین لە 190 بەرنامەی جۆراو جۆر.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵەکانیان بۆ دەرخستنی رۆڵی میدیا لە پاراستنی شوناس و کولتوردا بەهەمان میتۆدە لەگەڵ توێژینەوەکەی **عمار مطشر شنته**، لەپلانی توێژینەوەدا سوود لەتوێژینەوەی **عمار مطشر شنته** بینراوە هەرچەندە جیاوازییان هەیە لە میتۆد و شێوازی توێژینەوەکەدا، لە توێژینەوەی **عمار مطشر شنته** بۆ بەدەستهێنانی داتاکان پشتی بە فۆڕمی راپرسی بەستووە، لەم توێژینەوەیدا پشت بە شیکاری ناوەڕۆک بەستراوە لە کۆکردنەوەی داتاکاندا، لەبەرئەوەی بە ئامڕازێکی وردتر و بابەتیانە تر زانراوە لەلایەن توێژەرانەوە.

**بەشی دووەم/بەشی تێۆری:**

**1-تێگەیشتن لە میدیا و کولتور: پێشەکییەك بۆ کۆمیونیکەیشنی جەماوەری**

پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان کۆمیونیکەیشنی جەماوەری و ماس میدیا و هەوڵدان بۆ دانانی پێناسەیەکی کارا بۆ کولتور. کۆمیونیکەیشنی جەماوەری مەبەست لێی ئەو زانیاریانەیە کە بۆ جەماوەرێکی فراوان دەگوازرێتەوە کە دەشێ بە بەکارهێنانی یەکێك یان چەندین جۆری جیاوازی میدیا مەیسەر بێت، جا چ چاپکراو بێت، دیجیتاڵی ، یان ئەلکترۆنی. ماس میدیا ئاماژەیە بۆ ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بۆ گەیشتن بە جەماوەرێکی فراوان، و پلاتفۆرمەکانی ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، یارییە ڤیدیۆییەکان و میدیای ئینتەرنێتی وەك بلۆگ، پۆدکاست و هاوبەشکردنی ڤیدیۆ دەگرێتەوە. کولتور بەگشتی ئاماژەیە بۆ ئەو بەها و رەفتار و بیروباوەڕ و کارانەی گوزارشت لە گروپێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوێك، یا دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەن .(University of Minnesota, 2016,p.**5**)

**2- میدیا و کولتور**

میدیا کاریگەرییەکی زۆری لە ژیانی خەڵکیدا هەیە. نوێنەرایەتیی سیستمێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە یارمەتیی مرۆڤ دەدات هەستێکی ریالیستی لا دروست بێ. زۆر شت لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیا نووسراوە، بۆ نمونە گرنگە بزانین کە تیڤی دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی هەبێت کاتێك باس لە پەیوەندیی نێوان کولتورەکان دەکرێت، لەوانەش شێوازی کارکردنی هۆکانی راگەیاندن بۆ برەودان بە وێنە کولتوریە نەرێنییە باوەکە. هاوکات، گرنگە بزانین کە تەلەفزیۆن دەشێ کاریگەریی نەرێنی و ئەرێنیشی هەبێت پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان کولتورەکان.

بەڵام زۆربەی ڕەخنەگرانی بواری میدیا، ئەوانەی کە لە میدیا و کاریگەرییەکانی دەکۆڵنەوە و شیکاریی بۆدەکەن، سەرنجیان لەسەر ئەوە بووە کە چۆن ئەم فۆرمە ناوازەیەی بەرنامەسازیی میدیا لە ئاستی تواناکانی خۆی کەمتر بووە . وێنەکانی تایبەت بە تەلەفزیۆنی واقیع کاریگەریی هەیە لەسەر ئەزمونی رۆژانەی پەیوەست بە کۆمیونیکەیشنی نێوان کولتورە جیاوازەکان.

دواجاریش، گرنگە دان بەوەدا بنرێت کە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی میدیا دەتوانن هەم کاریگەری ئەرێنی و هەم کاریگەریی نەرێنیشیان هەبێت پەیوەست بە کۆمیونیکەیشنی نێوان کولتورەکان.

پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە چۆن خەڵکی دەتوانن کاریگەرییە ئەرێنییەکانی میدیا زیاتربکەن لە کاتێکدا کاریگەرییە نەرێنییەکان بۆ نزمترین ئاست دابەزێنن؟ یەکێك لە وەڵامەکان ئەوەیە کە ئەم ئامانجە لەڕێی پەرەپێدانی توانای خوێندەواریی میدیایی و برەودان بە کایەی فێربوونی میدیاوە دێتەدی(**Mark P. Orbe,2013,p. 250** ).

### 3- کاریگەریی میدیای هاوچەرخ لەسەر کۆمەڵگە و کولتور

میدیای هاوچەرخ : بریتییە لەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەیە کە زانیارییەی بابەتی پەیوەست بە کاتبەسەربردن پەخشدەکات بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت یان کۆمپیوتەرنەک شێوازە کلاسیکییەکانی وەک رۆژنامە و تەلەفزیۆن.(فەرهەنگی کامبرج).

نەبوونی بیرکردنەوەی عەقڵانی لەسۆنگەی کات بەسەربردن(ئینتەرتەینمێنت) لە ناوەڕۆکی میدیادا.

لەگەڵ پەرەسەندنی سەردەمدا، میدیاش بەخێرایی گەشە دەکات، فرۆش و پۆلێنبەندی و ڕێژەی کلیککردن و پێوەرەکانی تریش لە زیادبووندایە، و تادێ ناوەڕۆکەکانیشیان دەوڵەمەندتر و بەپێزتر دەبێ، و زانیاریی جۆراوجۆر سەبارەت بە کات بەسەربردن دەگرێتەوە، هەر لە بەسەرهاتەکانی ناوداران، قسە و قسوڵۆك، بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەی و تەنانەت هەواڵەکانی پەیوەست بە کولتور و وەرزش، ئامانجی سەرەکییان بەدەستهێنانی بازاڕ و هێنانەدیی پێداویستیەکانی کات بەسەربردنی خەڵکییە .

لەگەڵ گەشەسەندنی خێرای میدیای کات بەسەربردندا ، هەر بەتەنها بازاڕێکی بەکاربەری بەرفراوان دروست نەبووە، بەڵکو بینەری پابەندیشی بەو ناوەرۆکانەوە دروستکردووە. لەم سەردەمی بەکاربەریەدا بینەری هەرزەکار زاڵە، کە ئەوەش دیاردەیەکە وردبوونەوەی قووڵی دەوێ .

دیاردەی "تای درامای کۆری" سەرنجی ئەکادیمییەکانی بەلای خۆیدا راکێشاوە. بە گوتەی پرۆفیسۆر جیانگ شوژو لە کۆلێژی هونەری زانکۆی جینان لە چین، زیادبوونی جەماوەری دراما کۆریەکان بۆ پشتیوانی و هاندانی بەهێزی حکومەتی کۆریا بۆ ئەو کەرتە دەگەڕێتەوە، سیاسەتێك کە وایکردووە دراما کۆریەکان هەر بە تەنها پارێزگاری لە کولتوری باوی ئەو وڵاتە ناکات ، بەڵکو ئاوێتەی کولتوری مۆدێرنیش بووە، هەرئەوەش دراما کۆریەکانی کردۆتە بەناوبانگترین فۆڕمی کولتور و هونەری ئاسیا.

دیارە چ درامای ئەمریکی بێت یان کۆری، ئەوان کولتور دەکەنە بنەما بۆ ناساندنی بەها و هزری خۆیان بە جیهان. بەهۆی ئاڵوگۆڕ و یەکخستنی شارستانییەکانیشەوە ، پاراستن و بڵاوکردنەوەی کولتوری ناوخۆ لەژێر گوشاری زیاتردایە. زۆرێك لە دراما و بەرنامە ڕادیۆییەکان و میدیاکانی دیکە بە قەبارەیەکی گەورە بەرهەمی کەسانی تر کۆپی دەکەن، لە کاتێکدا هیچ کامیان ناتوانن بەڕاستی ڕەنگدانەوەی کولتوری ناوازەی مرۆڤەکان خۆیان بن. ئەگەر ئەمەش بەردەوام بێ چیتر میللەتان ناتوانن شانازی بە کولتور و نەریتی باوی خۆیانەوە بکەن( Yaqi Wang,2024,p15) .

### 4- پەیوەندیی نێوان میدیا و کولتور: لە ڕوانگەی توێژینەوەی کولتوریەوە

**دەسەڵاتی پاوانخوازیی میدیا**

کەم کەس هەیە گومانی هەبێ لە هێزی پاوانخوازیی میدیا لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا. شیکارییەکی ڕەخنەگرانە و تێڕامان بۆ دەقە میدیاییەکان بە دڵنیاییەوە ڕێ لەبەردەم توێژەراندا هەموار دەکات ئەو پەیامە گوتارییانە دەستنیشان بکەن کە لەلایەن بەرهەمهێنەرانی میدیاوە ئاراستە دەکرێن کە زۆربەیان لەگەڵ سیاسەت و ئەجێنداکانی نوخبە بەهێزەکەدان. زۆرجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك ماشێنێکی پروپاگەندەیی کاردەکەن کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی کولتور و ئایدۆلۆژیای زلهێزەکان دەدەن و پاڵ بە جەماوەرەوە دەنێن بۆ ئەوەی ئاگایانە یان نائاگایانە ئەو کولتورانە ئاوێتەی ژیانی ڕۆژانەیان بکەن.
ئێمە جەستە و مێشکی مرۆڤەکان وەك دەقێك لێکدەدەینەوە کە میدیاسازەکان پەیامەکانیان لەسەر دەنووسن و وا لە خەڵکی دەکەن بچنە ژێر رکێفی دەسەڵاتی میدیاوە .
گەشەسەندنی خێرای کولتوری میدیا لە شێوە و ناوەڕۆکدا وابەستەیی میدیایی بە توندی دروستکردووە. خەڵکی تادێ زیاتر وابەستەییەکی نائاساییی بە میدیاوە پیێشان دەدەن بۆ تێرکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانیان لەرووی کولتوری و دەروونیەوە. لێکۆڵینەوە ئەزمونییەکان سەبارەت بە کاریگەرییەکانی میدیا، بەدیاریکراوی تیۆری بەکارهێنان و ڕازیکردن، دەریانخستووە کە تا خەڵکی زیاتر پشت بە میدیا ببەستن، زیاتر ئامادە دەبن بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی.
لە دوای سەرهەڵدانی توێژینەوەکانی میدیا وەك بوارێکی ئەکادیمی بۆ توێژینەوە، زۆربەی تیۆرییەکان لەگەڵ ئەو گریمانەیەدا هاوڕان کە میدیا پەیوەستە بە دەسەڵات، کاریگەری، و کۆنترۆڵکردنەوە، بە واتایەکی تر دەزگاکانی ڕاگەیاندن دامەزراوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتین. ئەوان هەر تەنها پێمان ناڵێن چۆن بیربکەینەوە بەڵکو پێمان دەڵێن بیر لە چی بکەینەوە (Mohammed Bennis& Tayeb Ghourdou,2024, p 84) .

### 5- ئەدەبیاتی میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر کولتوری خەڵك

بەهۆی پێشکەوتنە زۆر خێراکانی بواری تەکنەلۆژیای میدیا لە ساڵانی ڕابردوودا، دەتوانین کاریگەریی ئەم گەشەکردنە بەرچاوە لەسەر تایبەتمەندییە کولتوری و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە ببینین .
خێرایی و ئاسانکاری و بەرفراوانبوونی میدیا لە کایەی کولتوری-ئاینی و نەتەوەیەکاندا لە کۆمەڵگەکاندا دەرئەنجامی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، کە تیایدا شوناس بە تایبەت لە ڕەهەندی زمانەوانی-ئەدەبیدا دەتوانرێت وەك یەکێك لە کایە کاریگەرەکان هەژمار بکرێت. دەشێ بوترێ هەمان پەیامی ئەم جۆرە لە میدیا دەتوانێ گێژاوێك دروست بکات بۆ کۆمەڵگە جیاوازەکان و قەیرانی ناسنامەی ئایینی بێنێتە کایەوە.
پێناسەکانی وەك جیهانگیری و ئاوێتەکردن و داگیرکاریی کولتوری کە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە جیاوازەکاندا باون، ئاماژەن بۆ مەترسی لەسەر شوناس لەلایەن ئەو میدیایانە .
لە دونیای ئەمڕۆدا میدیا بەشێکی فروان لە سروشتی بیروڕای گشتی پێکدەهێنێت و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگە هەیە لەو سۆنگەیەوە کە میدیا رووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگە دادەپۆشێ بەجۆرێك کە توانای خستنەڕووی شێوازی نوێی هەیە بۆ ژیان.

لە لایەك میدیا کاریگەرە لە دارِشتنی پێکهاتەی دەروونیی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا، لە لایەکی ترەوە رەفتاری مرۆڤەکان رێکدەخات و دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان رەفتارێکی دیاریکراویان بەرامبەر بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێ.
میدیا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پەیوەندییەکی نزیکی بە چەمکی هێزی نەرمەوە هەیە. جۆزێف نای دەڵێت زانیاری دەسەڵاتە و سەرکەوتن لە سەردەمی زانیاریدا نەك تەنها بەندە بەوەوە کە سوپای کێ سەردەکەوێت بەڵکو بەندە بەوەوە کە چیرۆکەکەی کێ سەردەکەوێت(Tatyana & others, 2021, p 95-98)

### 6- کاریگەریی میدیا لەسەر کولتور لە سەدەی بیست و یەکەمدا

لەم سەردەمەدا ویستێکی روون و ئاشکرا هەیە بە ئاراستەی هەنگاونانی خێراتر و کاراتری لێشاوی زانیاری لە جیهاندا. ئەمرۆ هەموو کەسێ ئامێرێکی وەك مۆبایلی پێیە، کە دەتوانێت بە ئازادی دەنگ و ڤیدیۆ تۆماربکات، و بە ئاسانی و بە خێرایی بڵاودەبێتەوە لەرێی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە و هیچ شتێك ناشاردرێتەوە. ئەمرۆ بڵاوبونەوەی میدیای زانیاری تەنها چەند دەقیقەیەك دەخایەنێ، هەربۆیە زۆرجار رووبەرِووی لێشاوی زانیاریی نادروست دەبینەوە، کە ئەوەش لەکاتی سەردانکردن بۆ سایتەکان پەی پێ دەبرێ.
هەموو ئەم پێشهاتانە کێشەیەکیان دروست کردووە، کە ئەویش لە ئاکار و متمانەدا خۆی دەبینێتەوە، لە لایەکی ترەوە کولتور وەك چالاکییەك کە لە کۆمەڵگە راگوزەرەکانی وەك کۆمەڵگەکەی ئێمەدا بە "بێ بەرهەم" ناودەبرێ، تارادەیەك لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێخراوە .
لەم رووەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە زۆر ئۆفەری کولتوری، لە ئاستێکی نزمدا دەخرێتەرِوو لەبەرئەوەی مرۆڤەکان بە سادەیی زۆر سەرقاڵی کێشە بونیادیەکانی خۆیانن .
بەڵام لەم سەردەمەدا کە تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، پێویستە سەرنج بدرێت کە کولتورێك تا رادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر مرۆڤەکان هەیە کە ئەویش کولتوری فیلم و تیڤی یە.
کولتوری فیلم و تی ڤی کاتێك باس لەم کولتورە دەکەین لە سەردەمی مۆدێرندا، دەتوانین بڵێین لەم پیشەسازییەدا کاریگەریی جیهانگیری زۆر بەئاشکرا دیارە. ئەگەر واقیعبینانە بدوێین، ئازادانە لێی بروانین، پێویستە بڵێین ئێمە لە سەردەمی جیهانگیریدا دەژین، لەبەرئەوەی هەر شتێك کە لە ناو دڵی پیشەسازیەکی دیاریکراودا خۆی نەبینێتەوە پەی پێ نابرێ (Marijana VUKĈEVIĆ, 2020, p 103-106)

### 7- ماس میدیا و گۆرِانکاریی کولتوری

ناکرێ هێزی میدیا لە کۆمەڵگەدا نادیدە بگیرێت. لێشاوی زانیاری بە تایبەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا باڵادەستیەکی زیاتری بە میدیاکان بەخشیوە. پێویستیی خەڵکی بۆ دەستگەیشتن بە زانیاری پێویستیەکی هەنوکەییە و میدیا رۆڵێکی گەورە دەگێرێت لە تێرکردنیدا. میدیا پانتاییەکی فراوان لە ژیانی تاك داگیر دەکات . ئەوە روونە کە تا رادەیەکی زۆر میدیا رەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە و رۆڵی سەرەکی دەگێرێت لە هێنانەدی گۆرِانکاریی کولتوری و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی-ئابووری و سیاسی.
سەرەتاییترین گفتوگۆکان سەبارەت بە کولتور لە ژیانی رۆژانەدا لە یۆنانییە کۆنەکانەوە سەری هەڵداوە. بۆ نموونە لە کتێبی (کۆمار)دا ئەفلاتون روانگەیەکی کلاسیکی بۆ هونەر پەرەپێدەدا: پێویستە ئامانجی کولتور رێنماییکردن و بەرزکردنەوەی

ئاستی خەڵکی بێت. ئەو نیگەران بوو لەوەی هەندێك لە نمایشە شانۆییەکان خراپەکاری شکۆمەند دەکەن و ڕەنگە بینینی فۆلکلۆر نەتوانێت جیاوازی لە نێوان هونەر و واقیعدا بکات. تەکنەلۆژیا کاریگەریی زۆری لەسەر چالاکییەکانی میدیا هەیە. خێرایی و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان زیادی کردووە. گۆڕانکارییە بێشومارەکانی سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی مشتومڕساز لە کۆمەڵگەدا دەگێڕن. خەڵکی لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون کە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی خۆیان لە کارەکتەرە ڕادیۆییەکان یان تەلەفزیۆنییەکان و هەواڵە سەرەکییەکان لە حەوشەی پشتەوە و لە قاوەخانەکاندا گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا شێر بکەن، بەڵام بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی کەناڵە کەسییەکان بینەرانی میدیای پارچە پارچە کرد (Kibiwott Peter Kurgat & Caren – Jerop, 2023, p 1, 2)

**بەشی سێیەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:**

**شیکردنەوەی زانیاریی و هەنگاوە شیکارییەکان :**

**یەکەم: سامپڵی توێژینەوە:**

**بەرنامەی چی پی ئێس(GPS):**

ئەم بەرنامەیە گەشتی ستافی بەرنامەیە بۆ شار و شارۆچکەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لەهەر بەرنامەیەکدا شارێك یان شارۆچکەیەکی کوردستان بەبینەرەکانی دەناسێنێت، گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکانی رۆشنبیر و رەسەنی شارەکەدا دەکرێت سەبارەت بەکولتور و ژیانکردن و مێژووی شارەکە و چەندین پرسی تری پەیوەست بەژیان و دانیشتوانی شارەکە ئاماژە پێ دەکرێت ، گەشتی هەردوو بەرنامەی شارەکانی مەریوان و بانە دەبنە بەشێکی سامپڵی توێژینەوەکە.

**بەرنامەی بنەوشە:**

ئەم بەرنامەیە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی بابەتی گرنگ و پەیوەست بەبابەتی ژنان و چالاکیە رێکخراوەییەکانی ژنان و پێدانی زانیاری زانستی و تەندروستی بەژنان، لەم بەرنامەیەدا بەشێك لەو کار و چالاکیانەی لەلایەن ژنانی کوردەوە ئەنجام دەدرێت گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و خاوەنی پرۆژەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، ژنانی دەسترەنگین و خاوەنکار و چالاکوان و رۆشنبیر و پزیشك و مامۆستا...هتد، وەکو میوان لەبڕگەیەکی بەرنامەکەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت.

**بەرنامەی کوردسات کوردەواری:**

بەرنامەیەکی کولتورییە و لەمانگی رەمەزانی ساڵی 2024دا دەستی پێکردووە و تاکو ئێستاش بەردەوامە، ئەم بەرنامەیەك لەچەند برگەیەك پێکهاتووە، یاری کڵاوێن وەکو یارییەکی کولتوری کوردی بەشێکی بەرنامەکەیە، هەروەها گۆرانی رەسەنی کوردی لەلایەن هونەرمەندی میوانی بەرنامەوە پێشکەش دەکرێت، لەبەشێکی تری بەرنامەکەدا نمایشکردن و ناساندنی ئەو کەلوپەلە کولتورییە کوردییانەیە کە باوباپیرانی کورد لەرابردوودا بەکاریان هێناوە، ستۆدیۆی بەرنامەکە تەواو کولتورییانەیە و ستۆدیۆیەکی گڵین و پڕ لەجوانکاری کولتورییە.

**بەرنامەی نۆستالژیا:**

بەرنامەیەکی تایبەت بە مۆسیقا و گۆرانی رەسەنی کوردییە، لەهەر بەرنامەیەکدا هونەرمەندێکی ناوداری کوردی دیاری دەکرێت و گۆرانیەکانی لەلایەن هونەرمەندێکی گەنجەوە دەوترێنەوە، لەبەرنامەکەدا چەند گۆرانیەکی دیاری هونەرمەندەکە دەستنیشان دەکرێن و هەوڵدەدرێت بە هەمان ئاواز و ستایڵ وەکو خۆی ئەدا بکرێتەوە.

**بەرنامەی وێنەگرافی:**

بەرنامەیەکی تایبەتە بەوێنە کۆنەکانی کەسایەتییە دیارو ناودارەکان ، ئەو کەسایەتیانەی لەڕابردوو و لەئێستاشدا شوێن دەستیان دیارە و خزمەتیان لەبوارەکەی خۆیاندا کردووە، خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندن لەوێنە کۆنەکان، ئەو وێنانەی ڕابردوو ناساندنی کەسایەتیە دیار و بەناوبانگەکانی کوردستانە بە نەوەی ئێستا، گەڕانەوەیە بۆ مێژوویەکی نزیك و بیرخستنەوە و هەڵدانەوەی یادگارییە کۆنەکانە بۆ ئەو نەوانەی لەو سەردەمانەدا ژیاون، هاوکات بەسەرکردنەوەی ئەو کەسایەتیانەیە کە پێویستیان بەرێزلێنان و بەرزنرخاندنی خزمەتەکانیانە لەکۆمەڵگادا.

**بەرنامەی زانین زۆن:**

بەرنامەیەکی تایبەت بە شەوانی مانگی پیرۆزی رەمەزانە، هەموو شەوانی مانگی رەمەزان پێشکەش کراوە، لەهەر بەرنامەیەکدا دوو گروپ لە خوێندکارانی دوو زانکۆ یان پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادە دەبوون و بەچەند بڕگەیەکی جیاواز چەند پرسیارێکیان ئاراستە دەکرا، پرسیارەکان زیاتر زانستی و تەکنەلۆجی بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەر بەرنامەیەکد چەند پەندێکی کوردەواری دەکرایە پرسیار و ئاراستەی خوێندکارەکان دەکرا، لەهەر بەرنامەیەکیشدا چەند چالاکیەکی وەك ژەنینی مۆسیقا و گۆرانی کوردی و هۆنراوە لەلایەن خوێندکارەکانەوە پێشکەش دەکرا.

**بەرنامەی نەوای رۆژهەڵات:**

ئەم بەرنامەیە لە رۆژهەڵاتەوە پێشکەش دەکرێت، کە ئامادەکاران و پێشکەشکاری بەرنامە خەڵکی رۆژهەڵاتن، لەم بەرنامەیە کە بۆتە بەرنامەی بەهەند وەرگیراوی ئەم توێژینەوەیە، بە گشتی تەوەری بەرنامە باسی هۆنراوە و گۆرانییە کوردی رەسەنەکانی کلهوری و کرمانجی و ناوچەکانی تری کوردستان و هونەری رۆژهەڵات دەکات. باس و گفتوگۆی بەرنامە لە بارەی زاراوە کوردییەکان و گرنگی یەکگرتوویی زمانی کوردییە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئاماژە بە خزمەتی هونەری کوردی و وتنی گۆرانی بە زاراوەی ناوچە جیاوازەکان، یەکێکی ترە لە تەوەرەکانی بەرنامەکە، بەرهەمی فۆلکلۆر لە نێو گۆرانییەکانی بەرنامەکەدایە، گفتوگۆی بەرنامە هەمووی تیشك خستنە سەر خزمەتکردنی هونەرو هەستی نەتەوایەتی کوردییە.

**دووەم : شیکردنەوەی زانیارییەکان:**

دەستەی یەکەم (دەستەی دیکۆر و جوانکاری لەپاراستنی شوناس و کولتور)

خشتەی (١) یەکەکانی ئەم دەستەیە پێکهاتووە لە دیکۆر ئێکسسواراتی بەرنامە

| ژ | بابەتی دیکۆر و جوانکاری | دوبارە بوونەوە | ڕێژە | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | جلوبەرگی کوردی | 8 | %38.1 | 1 |
| 3 | بابەتی جوانکاری ناوماڵ | 4 | %19.05 | 2 |
| 4 | کەلوپەلی خواردن و خواردنەوە | 4 | %19.05 | 2 |
| 5 | دیزاینی ستۆدیۆ | 3 | %14.3 | 3 |
| 6 | ڕاخەری کولتوری | 2 | %9.5 | 4 |
| 7 | روناکی | 0 | %0 | 5 |
| | کۆی گشتی | 21 | %100 | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (1) دەستەی تایبەت بە دیکۆر و جوانکاری لەپاراستنی شوناس و کولتور یەکەی جلوبەرگی کوردی بەپلەی یەکەم دێت، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی بۆ بەرنامەکانی کوردسات کە لەڕووی کولتورییەوە گرنگی بەجلوبەرگی کوردی لەئاستێکی زۆر باشدا داوە، بەپێچەوانەشەوە لەهیچ کام لەبەرنامەکاندا هیچ جۆرە ڕووناکیەکی پەیوەست بە کولتور و شوناسی کوردەوە بەدی ناکرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی بوونی ستۆدیۆ بە ڕووناکیەکی زۆر و بەهێز، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەکرا بابەتە ڕووناکیە کۆنەکانی وەکو چرا و فانۆس وەکو بابەتێکی کولتوری بۆ جوانی لە ستۆدیۆ بەکار هاتبا، هەروەها بابەتەکانی تری وەکو جوانکاری و کەلوپەلی خواردن و خواردنەوەی کوردەواری بەپلەی دووەم بەئاستێکی مام ناوەند لەبەرنامەکاندا بەکارهاتوون، بەتایبەت لەبەرنامەکانی کوردسات کوردەواری لەناو ستۆدیۆدا گرنگیەکی زۆر باش و سەرنج ڕاکێشی بەو بابەتانە داوە.

**دەستەی دووەم (ناوەڕۆکی بەرنامە)**

**خشتەی (٢) یەکەکانی ئەم دەستەیە پێکهاتووە لە ناوەڕۆکی بەرنامە**

| ژ | ناوەڕۆکی بەرنامە | دوبارە بوونەوە | ڕێژە | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زمانی کوردی | 11 | %24.45 | 1 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **2** | **میوانی بەرنامە** | **11** | **%24.45** | **1** |
| **3** | **گۆرانی کوردی** | **9** | **%20** | **2** |
| **4** | **تەوەری بەرنامە** | **7** | **%15.5** | **3** |
| **5** | **نمایشکردنو گفتووگۆکردن لەسەر کەلوپەلی کوردەواری** | **5** | **%11.1** | **4** |
| **6** | **یاری بەرنامە** | **2** | **%4.5** | **5** |
| | **کۆی گشتی** | **45** | **%100** | |

زانیارییەکانی خشتەی (2) کە تایبەتە بەناوەرۆکی بەرنامەکانی کوردسات، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرجەم میوانانی بەرنامەکان کورد بوون و گفتوگۆکانیان بەزمانێکی کوردی پاراو ئەنجام دراوە، هەروەها گۆرانی کوردی بەئاستێکی باش بەپلەی دووەم دێت و جگە لە بەرنامەی وێنەگرافی و بنەوشە لەسەرجەمی بەرنامەکاندا گۆرانی رەسەنی کوردی پێشکەش کراوە، بەپلی سێیەم تەوەری سەرەکی یان بەشێك لەتەوەرەکانی بەرنامەکان خزمەت بەبابەتە کولتورییەکان دەکات، بەئاستێکی مام ناوەند و بەپلەی چوارەم لەبەرنامەکانی کوردساتدا کەلوپەلو کەرەستەی کوردەواری نمایش دەکرێت و لەهەندێکیاندا چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە رابردوودا دەخرێتەڕوو، کە ئەم بەشە گرنگی و بەهایەکی زۆری هەیە بۆ پاراستنی ناوی ئەو کەرەستانە و مانەوەی لە زهنی تاکی کوردا، لەلایەکی ترەوە لەکۆتا پلەدا یارییە کوردەوارییەکان کەمترین گرنگیان پێ دراوە و تەنها لەبەرنامەکانی کوردسات کوردەواری یاری کڵاوێن وەکو یارییەکی کۆنی کوردەواری ئەنجامدراوە.

**دەستەی سێیەم (لێکەوتە کولتورییەکان)**

**خشتەی(٣) یەکەکانی ئەم دەستەیە پێکهاتووە لە کاریگەری و لێکەوتەکانی بەرنامە**

| ژ | کاریگەری و لێکەوتەکانی بەرنامە | دوبارە بوونەوە | رێژە | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنا بوونی گەنجان بە کولتوری کوردی | 10 | %21.3 | 1 |
| 2 | هێشتنەوەی شوناسی کوردی | 9 | %19.15 | 2 |
| 3 | چاندنی هەستی بەردەوامی نۆستالژی بۆ رەسەنایەتی شوناسی کوردی | 8 | %17 | 3 |
| 4 | پاراستنی کولتوری کوردی | 8 | %17 | 3 |
| 5 | پەیوەستکردنی بینەر لە رێگەی پەیامەکانی بەرنامەوە | 5 | %10.65 | 4 |
| 6 | جەختکردنەوە لەسەر گرنگی پاراستنی شوناسی کوردی | 4 | %8.5 | 5 |
| 7 | راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان کولتوری کوردی و جیهانی | 3 | %6.4 | 6 |
| | کۆی گشتی | 47 | %100 | |

لەخشتەی (3)دا کە تایبەتە بەکاریگەری و لێکەوتەکانی بەرنامەکان لەسەر شوناس و کولتوری کوردی، ئەوە دەخرێتەڕوو بەپلەی یەکەم گەنجان ئاشنا دەبن بە کولتورییە کوردییەکان، کە ئەمەش خاڵێکی ئەرێنی گرنگە و یەکێکە لەهەرە باشترین لێکەوتەکانی بەرنامەکانی کوردسات، هەروەها بەپلەی دووەم بەشێکی تری لێکەوتەکانی ئەم بەرنامانە هێشتنەوەی کولتوری کوردییە، لێکەوتەکانی دواتری بەپلەی سێیەم بریتین لەهەردوو یەکەی (پاراستنی کولتوری کوردی) و (چاندنی هەستی بەردەوامی نۆستالژی بۆ رەسەنایەتی شوناسی کوردی) بە ئاستێکی بەرز تۆمارکراون، ئەمەش دووبارە دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی لەسەر لێکەوتەکانی بەرنامەکانی کوردسات، بەڵام یەکەی (ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان کولتوری کوردی و جیهانی) کەمترین لێکەوتەی هەبووە، کەبەشێکی هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەرنامەکان.

**دەستەی چوارەم (پاراستنی کولتوری)**

**خشتەی (٤) پاراستنی کولتوری**

| ژ | یەکەکانی پاراستنی کولتوری | دوبارە بوونەوە | رێژە | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەدەبیاتی نەتەوەیی | 9 | %42.86 | 1 |
| 2 | نەریتە کولتورییەکان | 5 | %23.81 | 2 |
| 3 | رەوشتە کولتووریەکان | 4 | %19.05 | 3 |
| 4 | یاساکانی پەیوەست بە پاراستنی کلتورەوە | 1 | %4.76 | 4 |
| 5 | بۆنە و مەراسیمە کولتورییەکان | 1 | %4.76 | 4 |
| 6 | چیرۆک و ئەفسانە کولتورییەکان | 1 | %4.76 | 4 |
| | کۆی گشتی | 21 | %100 | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (4) تایبەت بە دەستەی پاراستنی کولتوری، هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەدەبیاتی نەتەوەیی لەپلەی یەکەمدا دێت، ئەمەش لەبەرنامەکاندا بەشێوەی جیاواز گوزارشتی لێکراوە لەخوێندنەوەی هۆنراوە یان گۆرانی وتن یان باسکردن لە هونەرمەندان و شاعیران و نوسەرانی کورد، لە پلەی دووەمدا و بەئاستێکی مامناوەند بەرنامەکانی کوردسات هەوڵیداوە نەریتە کولتورییەکان بپارێزێت و بە پلەی سێیەمیش و بەنزیکی هەمان ئاست ڕەوشتە کولتورییەکان دێت، هەر سێ یەکەی (چیرۆك و ئەفسانە کولتورییەکان، یاساکانی پەیوەست بە کولتور، بۆنە و مەراسیمە کولتورییەکان) بەپلەی چوارەم و لەهەمان ئاستدا تۆمار کراون، هەردوو یەکەی چیرۆك و ئەفسانە کولتورییەکان و یاساکانی پەیوەست بەکولتور تەنها لەیەك بەرنامەدا و لەبەرنامەی نەوای رۆژهەڵات خراوەتەڕوو، هەروەها بۆنە و مەراسیمە کولتورییەکان لە یەك بەرنامەی (GPS)دا خراوەتەڕوو کە باس لە بۆنەیەکی کولتوری دانیشتوانی شاری مەریوان دەکات.

**دەرئەنجام:**

لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە:

1- کەناڵی کوردسات بەسەرجەمی بەرنامە جیاوازییەکانیەوە خزمەتێکی باش بە لایەنی کولتوریی و شوناسی کوردی دەکات و بە ئاستێکی بەرز هەوڵی پاراستنی کولتورییە کوردییەکان دەدات، لەسەرجەمی بەرنامەکاندا بەشێك لەیەکەکانی

خشتەی توێژینەوەکە لەبەرنامەکاندا بوونیان هەیە و هیچ بەرنامەیەکی ئەم کەناڵەی بەدی ناکەیت کە خاڵی بێت لە بابەتی کولتوری.

2- کەناڵی کوردسات بۆ پاراستنی شوناس و کولتوریی کوردی بەرنامەی تایبەتی هەیە کەسەرجەمی بابەتەکان و تەوەری سەرەکی بەرنامەکان لەچوارچێوەی پاراستنی کولتووردایە، ئەویش هەردوو بەرنامەی کوردسات کوردەواریی و نەوای رۆژهەڵاتن، ئەم دوو بەرنامەیە زۆرترین یەکەکانی پاراستنی شوناس و کولتوری کوردییان لەخۆ گرتووە و بینەرەکانیان بەبێ ئەوەی ماندوو بن پەیامەکانی پەیوەست بە کولتور و شوناسی کوردییان پێ دەگات.

3- بابەتەکانی (بۆنە و مەراسیمە کولتورییەکان و چیرۆك و ئەفسانە کولتورییەکان و یاساکانی پەیوەست بەپاراستنی کولتور) ئەو بابەتانەن کە کەمترین جار لەبەرنامەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، فەرامۆشکردنی ئەم سێ بابەتە لەخاڵە نەرێنیەکانی بەرنامەکانی کوردساتە.

4- گرنگیدانی بەرنامەکانی کوردسات بە بابەتە کولتورییەکانی وەکو زمان و ئەدەبیات و جلوبەرگ و هونەری کوردی لەئاستێکی بەرزدایە و زۆرترین دووبارەبوونەوەیان تۆمارکردووە، ئەو بابەتانە لەگرنگترین فاکتەرەکانی پاراستنی شوناسن، گرنگیدانی کوردسات بەو فاکتەرانە توێژینەوەکە دەگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی ئەم بەرنامانەی کوردسات لەپێناو پاراستنی شوناس و کوڵتووری کوردیدا بەرهەمهێنراون.

**پێشنیار:**

1- سەرجەم ئەو کەناڵە تەفزیۆنیە کوردیانەی ئامانجدارن و پێیان وایە هۆکارن بۆ پاراستنی شوناس و کولتوری کوردی بەرنامەی تایبەت بە کولتور و شوناسی کوردی بەرهەمبهێنن، پێشکەشکارەکانیان گرنگی بەپۆشینی جلی کوردی بدەن و بەزمانێکی رەسەنی کوردی بابەتەکانیان پێشکەش بکەن.

2- کەناڵی کوردسات بەردەوامی بدات بە بەرنامەکانی کوردسات کوردەواری و نەوای رۆژهەڵات، هەوڵی زیادکردنی بەرنامەی هاوشێوەی ئەم دوو بەرنامەیە بدات.

3- بەرنامەکانی وەکو (نۆستالژیا و وێنەگرافی) کە پەیامی هەستی بەردەوامی نۆستالژی بۆ کولتور و شوناسی کوردیی دەگەیەننە بینەرەکانیان، باشترە پێشکەشکار و میوانەکانیان بەجلی کوردییەوە دەربکەون.

4- ئەو کەناڵ و دەزگا میدیایانەی کە پەیامەکانیان لەسەر کولتور و شوناسی کوردی نەرێنیە و دەبێتە هۆی تێکدانی کولتوری شوناسی کوردی، پێویستە بەیاسا رێکبخرێت، بەتایبەت لە سۆشیال میدیادا تێکەڵبوونی کولتورەکان هێندە کاریگەرە کە ڕەنگە دوای چەند دەیەیەکی تر کلتورە رەسەنەکانی هەموو کۆمەڵگایەك لەژێر هەرەشەی نەماندا بێت.

5- هەماهەنگی کردنی نێوان دامەزراوە میدیاییەکان بە مەبەستی دامەزراندنی دەستەیەکی میدیای نیشتمانی لە پێناو کۆکردنەوە پاراستنی کولتوری نەتەوە و زاراوە جیاجیاکانی کوردستان لە ژێر یەک چەتردا کە گوزارشت لە میدیایکی نەتەوەیی کوردی بکات.

ڕاسپاردە:

1- توێژەران توێژینەوەی وەسفی راپێویی بکەن بۆ دیاریکردنی ئاستی کاریگەرییەکانی ئەو بەرنامانەی کوردسات لەسەر بینەرەکانیان.
2- توێژەران بەئەنجامدانی توێژینەوەی شیکاری ناوەرۆك ئاستی کاریگەری نەرێنی جیهانی سۆشیال میدیا لەسەر شوناس و کولتوری کوردی دیاری بکەن.
3- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەبارەی بەهەند وەرگرتنی ئینتمای نیشتمانی و کولتوری لە رێگەی ئەو پلاتفۆرمە دیجتاڵییانەوەی کە خێراتر دەگەنە جەماوەر بەتایبەت گەنجان.
4- ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی گرێدانەوەی شوناس و کولتورە ناوچییە جیاجیا کوردییەکان بەمەبەستی پتەوکردنی ناسنامەیەکی نەتەوایەتی هاوبەش.
**5-** گرنگیدان بەو توێژینەوانەی کە دەبێتە مایەی پتەو کردنی ناوەڕۆکە میدیاییەکان و دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازە میدیاییەکان لە بارەی بەهەند وەرگرتن یاخود فەرامۆشکردنی شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی**.**

**سەرچاوەکان:**

یەکەم: سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی


1- https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/new-media.
2- University of Minnesota, 2016, Understanding Media and Culture: An Introduction to Mass Communication, Creative Commons Attribution-NonCommercial-ShareAlike 4.0 International License.
3- Mark P. Orbe, 2013, Media and Culture The “Reality” of Media Effects, Western Michigan University.
4- Yaqi Wang, 2024, Contemporary Media's Impact on Society and Culture, International Conference on Global Politics and Socio-Humanities,2024.
5- (Mohammed Bennis& Tayeb Ghourdou, Exploring the Relationship between Media and Culture: A Cultural Studies Perspectiv, Journal of Humanities and Social Sciences Studiese.
6- Tatyana Anatolievna Spirchagova ,2021 ,Svetlana Evgenevna Nikitina , Maria Nikolaevna Spirchagova, Kazan Federal University, Russia, Media Literature and Its

Impact on People's Culture , T. A. Spirchagova et al./ International Journal of Society, Culture & Language.

7- Marijana VUKĈEVIĆ ,2020 ,THE INFLUENCE OF MEDIA ON CULTURE IN THE 21. CENTURY, QUAESTUS MULTIDISCIPLINARY RESEARCH JOURNAL.

8- Kibiwott Kurgat & Caren Jerop, 2023, The Mass Media and Cultural Change, ResearchGate.

**دووەم: توێژینەوەی زانستی**

**1-** کۆڤان حسین سعدو (2024)، کاریگەری کەلتووری بەرهەمهێنان لەسەر مانەوە و لەناوچوونی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لەکەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن،

2- عمار مطشر شنته (2024)، دور الاعلام المرئي في تعزيز الهوية الثقافية برنامج فضاءات ثقافية قناة العراقية نموذجا، جامعة ذي قار ،كلية التربية للعلوم الانسانية/ الاعلام.

پاشکۆی ژمارە یەك

| ز | ریزبەندی ناوی شارەزایان بەپێی نازناوی زانستی | پلەی زانستی | کۆلێژ و بەش | زانکۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د. فوئاد علی أحمد | پرۆفیسۆر | کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن | زانکۆی سلێمانی |
| 2 | د. ڕۆزە حمە وەیس | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن | زانکۆی سلێمانی |
| 3 | د. کاروان عبداللە محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن | زانکۆی سلێمانی |

The role of Kurdsat Satellite TV in preserving the identity and culture of the Kurdish society

**Abstract:**

This research entitled (The role of Kurdsat Satellite TV in preserving the identity and culture of the Kurdish society) similar to any other researchs comprises scientific steps to reach the information that attracted its researcher's attention.

The first step begins with the issue: (to what extent does Kurdsat Satellite TV participates in preserving and promoting the Kurdish society's identity, culture and values?) which is aimed to realize the role of Kurdsat Satellite TV in paying attention to preserve the identity and cultural survival of the Kurdish society. Studying the media arena that Kurdsat Satellite TV has devoted to preserving and maintaining the society's identity, culture and value.

The research is based on descriptive analytical method and intentionally targets the TV's programs of March, 2024 as a sample. The most preeminent conclusion reached by the researchers is: (All Kurdsat Satellite TV programs serve the Kurdish culture and identity and

tries hard to preserve the Kurdish culture. In all programs, some of the units of the research's tables exist in the programs and you wouldn't find any program does not include Kurdish contents. Kurdsat Satellite TV has specific programs aimed to preserving the Kurdish culture and identity, which are the programs: (Kurdsat Kurdawary) and (Naway Rozhhelat) which have the most components of Kurdish identity and culture, and their viewers get the Kurdish culture and identity's messages easily.

The researchers' most important suggestions and recommendations are reflected in these points: The presenters of the Kurdish TV's that interested in preserving Kurdish identity and culture are obliged to wear Kurdish costumes and speak fluent Kurdish.

Kurdsat Satellite TV to continue these two programs: (Kurdsat Kurdawary) and (Naway Rozhhelat), and try to do similar programs. Conducting researches on reclaiming the different regional identities and cultures in Kurdistan to reinforce a shared national identity. Pay attention to researches that enhances media content and identifying the strengths and weaknesses of the media in terms of taking into consideration or neglecting the Kurdish national identity.